شێخ عومەر غەریب

باشووری کوردستان
یان
باکووری عێراق!؟

وەرگێڕانی:
جەمال گردەسۆری

لەبڵاوکراوەکانی ڕۆژنامەی میدیا ژمارە 24

باشووری کوردستان
یان
باکووری عێراق!؟

نووسینی:
شێخ عومەر غەریب

وەرگێڕانی: لەعەرەبی یەوە بۆ کوردی:
جەمال گردەسۆری

هەولێر ٢٠٠٢

لەبلاۆکراوەی ڕۆژنامەی میدیا ژمارە (٢٤)

* باشووری کوردستان یان باکووری عێراق!؟
* دانەر: شێخ عومەر غەریب
* وەرگێڕانی لەعەرەبی‌یەوە بۆ کوردی: جەمال گەردەسۆری
* پیت چنین و نەخشەسازی‌و بەرگ: کۆمپیوتەری دەریا
* تیراژ: ٥٠٠ دانە
* چاپی یەکەم ٢٠٠٢
لەبڵاوکراوەکانی ڕۆژنامەی میدیا ژمارە (٢٤)
* چاپخانەی دارا – هەولێر

پێشکەشە.. ..

- بە پێشمەرگە قارەمانە گیانفیداو ئازاکان، بەشێرە کوڕانی کوردستان.
- ئەوانەی بەدڵ و گیان شەڕی دژە ستەم و داگیرکردن دەکەن بەهیوای سەربەخۆییو سەرفرازی کوردو کوردستان.

پەیڤێك

سەرەتا دەست خۆشانە لەبرای نوورسەر دەکەم، بەهیوای زێدەترم، لەنووسینی ئەم جۆرە بابەتانەی، چونکە ئەمڕۆ بۆ ئێمە زەرورەتە.

خوێنەری خۆشەویست:

ئەم نامیلکەیە بریتییە لەبابەتێکی کورت و پوختی نووسەرو ئاین پەروەرو وڵاتپارێزی کورد شێخ عومەر غەریب کە یەکێکیشە لەدامەزرێنەران و سەرکردە دیارەکانی پارتی ئیسلامی کوردستان PÎK، لەبارەی مەسەلەی کورد بەگشتی کە هەموو پارچەکانی کوردستان دەگرێتەوە. لەم نامیلکەیەدا نووسەر ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێت کە کورد تاچەند ماف خوراوە، بۆیە داوامان لێ دەکات، بەردەوام بین لەتێکۆشان تا ئەو کاتەی گۆ دەکەوێتە بەرقاشۆو لێی دەدەین.

لەکۆتایدا هیواخوازم برای نووسەر بەوەرگێرانی ئەم نامیلکەیەی دڵخۆش بێت و خوێنەرانیش سوودی لێ وەربگرن.

وەرگێر

٢١-٢٠٠١/٢/٢٢

هەولێر - کوردستان

پێشەکی

وتاری (باشووری کوردستان یان باکووری عێراق؟) بەرایی تۆژینەوەیەکی چڕوپڕە، کە بەپشتەوانی پەروەردگار دواتر لەدەرفەتێکی گونجاودا دەینووسم.

یەکەمین جار ئەم وتارە لەپاکستان بەچەند دانەیەکی سنووردار بەهۆی فتۆستێت چاپ کرا، دووەمین جاریش لەلایەن برایانی لقی یەکگرتووی ئیسلامی کورد لەئیسکەندناڤیا چاپ کرایەوە، خوا پاداشتیان بداتەوە. جاری سێیەمیش لەبەر داواکاری زۆر لەسەری لەناوەوەو دەرەوەی کوردستاندا چاپمان کردەوە.

ئەو راستیەی کە دەبێ بدرکێنرێ، ئەوەیە کە راگەیاندنی پۆلەتیکیو رۆشنبیری دەربارەی کوردو کوردستان لاوازو سیسن، دۆزی کورد لەلایەن دەوڵەتە کۆلۆنیالیستەکانی کە پارچەکانی کوردستانیان زەوت کردووەو داگیر کردووە تەواو شێوێندراوە، بەوەی سەرجەم هۆیەکانی راگەیاندن و فەرمیەکانی لەبەر دەست دایە بۆ لێدانی رووی راستەقینەی دۆزی کورد، سەرباری دژایەتی کردنە دوژمنداریەکانیان لەڕێی

بەکارهێنانی سەرجەم چەکە کۆکوژو قەدەغەکراوە نێودەوڵەتییەکان، لەجۆری چەکی ژاراوی کیماویی.

گەلی کورد لەبەر ئەوەی چەندین سەدەیە کۆلۆنی کراوەو ئابووریو سەرچاوە. زەبەلاحەکانی سامانەکەی لەلایەن دەوڵەتە داگیرکارەکانی کوردستانەوە زەوت کراوە. بۆیە وەکو پێویست نەتوانراوە داکۆکی لەستەمگەییە مێژووییەکەیو مافە زەوت کراوەکانیو شکۆ پێشێل کراوەکەییو ئازادییە کۆت کراوەکەی بکات. هەرچەندە لەشۆڕش بەرپا کردن بەرانبەر داگیرکارانی پارچەکانی نیشتمانەکەشی نەوەستاوەو لەڕێگای تێکۆشانە ڕەواکەشیەوە گەورەترین قوربانی داوەو، دووچاری دژوارترین کارەسات و چەڵەمەو دەردەسەری بۆتەوە. هەموو ئەمانەشی لەپێناو ئەوە دابووە، کە لەسەر خاکی نیشتمانەکەی خۆی بەسەربەخۆییو ئازادیو ئاشتی بژیت وەکی سەرجەم گەلان و نەتەوەکانی دیکەی گێتی.

کۆلۆنیالیستە داگیرکارەکانی کوردستان هەر لەسەرەتاوە پێڕەوی سیاسەتی عارەباندن و فارساندن و ترکاندن و گۆڕینی سروشتی دیمۆگرافی ناوچەکانی کوردستان دەکەن و ناوی گوندو شارەکان و ناوچەکانیان گۆڕیوەو بەناوی خۆیان کردووە،

تەنانەت ناوی دیکەشیان لەهەرێمەکانی کوردستان ناوە، وەکو نازناوی (باکووری عێراق) لەجێگەی (باشووری کوردستان) یان (ناوچەی رۆژئاوای ئێران) لەباتی (رۆژهەلاتی کوردستان) یاخود (ناوچەی رۆژهەلاتی ئەنادۆل) لەجیاتی (باکووری کوردستان) ئەوانەو چەندان شێواندنی دیکەش، کە لەڕاستیدا مۆرکە ئیمپریالییەکەیان بەرانبەر گەلی کوردی چەوساوەو نیشتمانە یەخسیرو بریندارەکەی، کوردستان بەرجەستە دەکات.

ئێستا باشووری کوردستان لەوەتای راپەڕینە مێژوویی‌و مەزنەکەی گەلی کورد لەبەهاری ۱۹۹۱ەوە ئازادەو هەڵبژاردنی تێدا ئەنجام درا کە ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی لێ وەبەرهات، دواتریش حکومەتێکی کوردی شێواز فیدراڵی تێیدا راگەیەنرا، ئومێد دەکەین ئەم حکومەتە ساوایە ڕێچکەی سروشتی خۆی بەرەو سەربەخۆیی راستەقینە بگرێ بۆ بونیادنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆی فەرمی‌و کوردی، کە نەتەوە یەکگرتووەکان و دەوڵەتانی رۆژئاواو عارەبی‌و ئی‌دیکە دانی پیابنێن. لەسەر سەرکردەکانی باشووری کوردستانیش پێویستە ئەم دەرفەتە وەبەربنێنن و بەهەموو توانایانەوە خەبات بکەن بۆ وەدەسهێنانی شەرعیەتی جیهانی بۆ حکومەتە

كوردیەكە لەپێناو دەرباز كردنی گەلی كورد لەتەواوی ئەو كارەسات و مەرگەساتانەی كە ماوەی (٧٤) ساڵە بەدەستی عێراق دووچاری بۆتەوە، هەروەها بۆ ئەوەی دەست بەئاوەدان كردنەوەو نۆژەن كردنەوەی ئەم پارچە خۆشەویستەی نیشتمانە وێران كراوەمان بكات. هەمدیس بۆ ئەوەی ژیانە سروشتییەكەی بەبەندیو ئازادیو شكۆییەوە هەڵگێڕێتەوە.

لەدووماهیدا لەخوای گەورەو مەزن دەپاڕێینەوە هیدایەتی داگیركارانی كوردستان بدات لەسەر رێگای راست و رەوان و لۆگێكی مرۆڤانە، بۆ ئەوەی دەست لەو داگیركارییە گوناهبارانەیان هەڵگرن و سوپاو چەكەكانی خۆیان لەكوردستان بكشێنێتەوە، كە پێشترو تائێستاش دڕندانەترین شەڕ بەگەلی كوردی موسڵمان و ئاشتیخواز دەفرۆشن. مادامەكیٚ كۆلۆنیالیزم لەداگیركردنی كوردستان بەردەوامە، ئەوە گەلی كوردیش لەخەباتی شۆڕشگێرانەی خۆی بەردەوامە دەبیٚ، تاوەكو بەپشتەوانی پەروەردگاری مەزن سەركەوتن بەدەست دێنیٚ.

والله اكبر ولله الحمد

شێخ عومەر غەریب

باشووری
کوردستان
یان
باکووری عێراق!؟

بەڕاستی زۆر سەیرە ئیستیعمار چۆن توانیویێتی ڕاستییەکان بشێوێنیّو شتە بەڵگە نەویستەکان بگۆڕیّو ئاواش لەگوێچکەی خەڵکی بچەسپێنیّ، کە سروشتێکی خواییە یا یاسایەکی پیرۆزەو نابیّ دەستی لیّ بدریّ یاخود دەمودی لەسەر بکرێت؟ یەکێك لەو کێشانەی حەقانیەتەکەی شێواندراوەو ڕاستیەکانی ساختەکراوە، دۆزی کوردی میللەتی کوردی نیشتەجێی نیشتمانی مێژوویی‌و جوگرافی‌و نەتەوەیی کوردستانە، هەزاران ساڵ لەپاش پەیماننامەی سایکس پیکۆی ئیستعماری لەساڵی ١٩١٦ەوە سڕینەوەی پیاوە نەخۆشەکە خەلافەتی ئۆسمانلی- ئیستعمار وڵاتی گەلانی موسڵمان و گەلانی دیکەی دابەش کردوو، روخساری جوگرافیاو سیاسەت و نەتەوەیی گەلان و وڵاتەکانیشی لەناوچەی رۆژهەڵاتی ناوین و ناوچەکانی دیکەی جیهان گۆڕی بەپێی بەرژەوەندی سیاسی‌و فیکری‌و ئابووری‌و ملیتاری‌و کلتوری خۆی. یەکێك لەو وڵاتانەی ئەم دابەش کردنەی ئیستعمار گرتیەوەو بە پێنچ بەش دابەشی کرد لەنێوان هەر پێنچ دەوڵەتە دراوسێکەی، کوردستان بوو. بەو شێوەیە:

١-لکاندنی باکووری کوردستان بەدەوڵەتی تورکیاوە. ئەم پارچەی کوردستانیش بەگەورەترین پارچەکانی کوردستان دادەنرێ لەرووی پێوانەو ژمارەی دانیشتوانەوە کە رووبەرەکەی دەگاتە (١٩٥,٠٠٠)کم٢و ژمارەی دانیشتوانەکەشی بەپتر لە(١٥) ملیۆن کورد دادەنرێ.

٢-لکاندی رۆژهەلاتی کوردستان بەدەوڵەتی ئێران، روبەرەکەی دەگاتە (١٢٥,٠٠٠)کم٢و ژمارەی دانیشتوانیشی پتر لە(١٠) ملیۆن دەبێ.

٣-لکاندنی باشووری کوردستان بە دەوڵەتی عێراق، کە رووبەرەکەی (١٧٣/٠٠٠) کم٢ و ژمارەی دانیشتوانیشی (٤,٥) ملیۆن و نیو تا (٥) ملیۆن دەبێ.

٤-لکاندنی رۆژئاوای کوردستان بەدەوڵەتی سوریا، کە رووبەرەکەی (٦٠٠٠-٧٠٠٠) کم٢ دەبێو ژمارەی دانیشتوانیشی یەك ملیۆنە.

٥–لکاندنی باکووری رۆژهەڵاتی کوردستان بە یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو، کە ژمارەی دانیشتوانی دەگاتە یەك ملیۆن و نیو، رووبەرەکەشی (٥٠٠٠) کیلۆمەتری چوارگۆشە دەبێ.

کەواتە لەبنەڕەتدا کوردستان خاکێکی یەکگرتووی یەکانگیرو هۆمۆجیەو سنوورێکی جوگرافیای تایبەت بەخۆی هەیەو لەدەوڵەتە دراوسێ داگیرکارەکانی کوردستان دایدەبڕێو جوێی دەکاتەوە، ئێستاش ئەوانە لەسەریانە دەست لەداگیرکردن هەڵگرن و سوپاو چەك و کەرەسە سەربازیەکانی خۆیان لەکوردستان بکێشنەوە، بۆ ئەوەی گەلی کورد بەخۆی بڕیاری چارەنووسی خۆی بدات، ئەمەش مافێکی سروشتیو گشتی هەموو گەلانی جیهانە. گەلی کورد بەرانبەر ستەمی داگیرکاران چۆکی نەداوە، بێ دەنگیشی نەنواندووە بەرانبەر مافە بەتاڵان بردووەکان، چەندان قوربانی بەخوێنی ئاڵی خۆی داوە لەپێناو ئازادی کوردستانی وڵاتدا. ئەمە لەلایەك، لەلایەکی دیکەوە دوای پرۆسەی دابەشکردنی ئیمپریالیانە لەڕووی گۆڕینی جوگرافیاو دانیشتوانەوە لەسەروبەندی یەکەم جەنگی جیهانی، پارچەکانی

کوردستان بەو پێنج دەوڵەتەوە لکێندرا بەبێ ئارەزووی گەلی کورد. لەسەردەمی ئۆسمانلیدا عێراق لەدوو ویلایەت پێکهاتبوو: ویلایەتی بەسراو ویلایەتی بەغدا، باشووری کوردستانیش کە ئەو سەردەمە بە ویلایەتی موسڵ ناودێر بوو، تا روخانی خەلافەتی ئۆسمانیش لەتورکیا ساڵی ١٩٢٤ هەر بەو ناوە مابۆوە. بۆیە بەسەردا بڕینی زاراوەی (باکووری عێراق) بەسەر (باشووری کوردستان) نەك هەر راست نییە، بەڵکو هەڵەیەکی گەورەشەو هاوکات لاگیری کردنی ئیستعمارو دابەش کردن و نەخشەکانیەتی، هەروەها هەمان شتیش راستە بەرانبەر هەر چوار پارچەکەی دیکە لەلایەن تورك و ئێران و سوریاو سۆڤیەتەوە. گەلی کورد خەسڵەتی تەواوی خۆی هەیە لەباری خاك و نیشتمان و زمان و مێژوو و ترادیسۆن و ئادابی نەتەوایەتی تایبەت و سەربەخۆو لەچاو نەتەوەکانی دیکە تایبەتمەندیو خەسڵەتی نەتەوەیانەی تایبەت بەخۆی هەیە.

دیارە ئیمپریالیزم دەست دەخاتە گێتیو بەگوناهو دوژمندارانەوە هەڵی دەسوڕێنیو لەیاسای گێتیو

پەروەردگارییەکان یاخی دەبیٚو بەپێی ویست و سوودی خۆی هەڵیان دەگێڕێتەوە. بەڵام گەلی کوردی قارەمان ڕۆژێك لەرۆژان بەم دابەش کردنە نامرۆڤیانەو ناڕەواییەی یەکەم و دووەمی کوردستان لەنێوان ئیمپراتۆریای ئۆسمانلی لەتورکیاو ئیمپراتۆریای سەفەوی فارسی لەئێران لەسالآنی ١٥١٤و ١٦٣٩و سەرجەم ڕێککەوتن و پەیماننامەکانی دیکە نەڕازی بووە نە ملکەچیشی بووە کە لەنێوانیادا مۆرکراوە لەسەر حسابی گەلی کوردو نیشتمانە چەوساوەکەی، کە بەداخەوە چەندان سەدە شانۆی شەڕو شۆڕەکانی سەفەوی‌و ئۆسمانلی بووە، لەسەرینی ئەمەشەوە گەلی کوردو خاکی کوردستان زەرەرو زیانێکی گەورەی پیٚ کەوتووە. هەر دووشەڕی کەنداویش (١٩٨٠-١٩٨٨و ١٩٩٠-١٩٩١/٣) لێمانەوە دوور نەبوونەو چەندان مەرگەساتی گەورە بەسەر کوردو کوردستان دا هات.

هەمیشە ئیمپریالیزم زاراوەی (باکووری عێراق)ی ناڕەوای بەسەر (باشووری کوردستان) دووبارە دەکردەوە، عێراقی داگیرکاریش لاگیری کردو بەسنگی فراوانەوەش لاگیری دەکات.

ئیدی سەرجەم داگیرکارانی کوردستان بانگەشە دەکەن، کە ئەو بەشەی داگیریان کردووە مڵکی خۆیانەو بەشێکی جودانەکراوەی وڵاتەکەیانە. هەر لەسەرەتای دابەش کردنەوە بەناوی پاراستنی بەرژەوەندییە سیاسیو ئابووریەکانیان.

باشووری کوردستان و کوردستان بەگشتی هەرێمێکی ستراتیژی ئابووریو سیاسیو جوگرفیو سەربازییە، لەباشووری کوردستان هەردوو پارێزگای کەرکوك و موسڵ بەنەوت و کانزا دەوڵەمەندن، کوردیش بەتەواوی لێی بێبەش کراوە. هەر بۆیە شۆڕشی گەورەیان بەرپا کردووە لەدژی ئیستعمارو دابەش کردن و دژی عێراقی داگیرکەر لەسەرەتای دابەشکردنەوە، هەتا ئەمڕۆ، هەروەها لەشۆڕش کردنیش بەردەوام دەبن تارزگار بوون و یەکگرتن و سەربەخۆیی تەواوی پارچەکانی کوردستان.

شێخ مەحمودی حەفید لەساڵی ١٩١٨ سەرکردایەتی شۆڕشی کوردی کردووەو لەساڵی ١٩٢٢ دەوڵەتی کوردی دامەزراندو داواشی لەکۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کردکە دان

بەحکومەتەکـەی دابنێـین. بـۆ ئەمـەش پـەیوەندی بەچـەندین دەوڵەت کردوو یاداشـتنامەی بـۆ نـاردن لەوانـەش یاداشـتنامە مێژووییـە گرنگەکـەی بـۆ سـەرۆکی کۆمەڵـەی گـەلان لـەپاریس سـاڵی ١٩٣١، کـە تێیـدا دۆزی کـوردو رەوشـی مـەرگ ئاسـای کـوردو مەسـەلەی لکـاندنی باشـووری کوردسـتان بـەعێراق و پرسی دابەش کردنی کوردستان و زوڵم و زۆرداریو ئەو کۆمەڵ کوژییـەی لەسـەر دەسـتی داگیرکـەرانی بـەریتانیو عێراقیـەوە دووچاریان بۆتەوە، راڤە کرد بوو، کە کۆکوژترین چەکیان لەدژ بـەکارهێناون. هـەروەها داواشـی لێکردبـوون کـە بەفـەرمی دان بەدەوڵەتی باشووری کوردستان دابنێن، وەکی سەرجەم نەتەوەو گەلان و دەوڵەتانی جیهان.

دیارە درێژە دان بەداگیرکردن و بەردەوامبوون لەسەر بەسـەر دابڕینـی وشـەی (بـاکووری عـێراق) بەسـەر (باشـووری کوردسـتان)و سـەرجەم پارچـە داگیرکراوەکـانی کوردسـتان، وا دەکـات دۆزی کـورد بـەبێ چارەسـەر بمێنێتـەوەو ناوچەکـەش

لەبارێکی هەمیشە شڵەژاوو پڕ تەقینەوە دابمێنیٚ. گەلی کوردی شۆرە سواریش تەنازول لەنیشتمان و سەربەخۆیی‌و ئازادی‌و مرۆڤایەتی خۆی ناکات ئەوجا هەر چۆنەکی لەسەر بکەویٚ. با داگیرکاران چاك بزانن گەلی کورد هەر لەسەرەتاوە توانەوەی لەناو کۆمەڵگا ئەتنیکی‌و نەتەوەیی‌و ئاینزاکانیانەوە رەت کردۆتەوە. ئەوەتە شێخ مەحموود لەو یادداشتەی بۆ سەرۆکی کۆمەڵەی گەلانی ناردووە دەڵی: (گەلی کورد کە شانازی دەکەم من یەکێکم لێی. هەنووکە لەبەشی باشووری ولاتی کوردستانی گەورەی لکێنراو بەعێراق نیشتەجیٚیە (لەبەدبەختی کوردان دواتر بەخاکەوە بەعێراق لکێنرا، ئەوروپاش کە بانگەشەی ئەوە دەکات کە تێدەکۆشی لەپێناو داکۆکی کردن لەهەق و عەداڵەت، بەلاّم لەبەرانبەر ئەم زوڵمە بێزەوتە فززەی لێوە نایی) لەبەشێکی دیکەی یاداشتاکەیدا شێخی شەهید دەڵیٚ: (شتێکی بەڵگە نەویستەلکاندنی خاکمان بەعێراقی عەرەبیەوە بەهێزی چەك و، هەولٚ دان بۆ قایل کردنمان بەهیچ کلۆجیٚ لەگەلٚ ئاشتی‌و

ئاشتەوایی ناگونجیٚ، کە ئەمانە ئومێدی ئەم ڕێکخراوە بەڕێزەن. لەم بەشەی جیهاندا تەناهیو ئاشتیو بەرقەرار نابیٚ، هەتا چارەنووسی کوردان نەدرێتە دەست رۆڵەکانیو دەوڵەتێکی کوردی دانەمەزریٚو کاروباری ناوچەی کوردی بەدەستەوە نەگریٚ.) بەڵیٚ بەمجۆرە شێخی نەمر دژی ئیستعمارو موستەعمەرە داگیرکارەکان جەنگاوە لەسەر ئاستی هەرێمیو جیهانیەوە لەگەڵ بەدەرخستنی کرۆکی دۆزی کورد بۆ هەموو لایەك بەهەموو شانازییەکەوە لەناوەوەو لەدەرەوە بەبیٚ دوودڵیو شەرم کردنەوە، چونکە دۆزی کورد، دۆزێکی رەوایە، ئیستعمارو داگیرکارانی پارچەکانی کوردستانیش ناهەق و گوناهباران.

بۆیە ناوهێنانی (باشووری کوردستان) بە(باکووری عێراق) لەجێی خۆی نییە نە لەڕووی شەرع و نە لەڕووی عەقڵەوەو، بۆ خۆشی ناوهێنانێکی ئیستعمارانەی بۆگەنە. شێخی نەمر لەلایەکی دیکەی یادشتنامەکەیدا پەردە لەسەر دۆزی کورد

هەڵدەماڵێ بەوەی خەبات و تێکۆشانی گەلەکەی یاخیبوون نییە، وەکی ئەوەی حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق وێنایان کردووەو بوختان و تۆمەتی بۆ هەڵدەبەستن و ماهیەتیو رەواییو مرۆڤایەتی دۆزی کورد دەشێوێنن بەهەموو رێگایەك. بۆیە شێخ مەحمودی حەفید دەڵێ: (من و گەلەکەم یاخیبوو نین و دەمارگیری ئاینزاییو تایفەییمان نییە. نامانەوێ خوێن برژێ، ئەگەر چەکیشمان هەڵگرتبێ ئەوا لەناچاریمان بووە، ئێمە نامانەوێ بەسەر هیچ میللەت و وڵاتی هیچ کەسدا باڵادەست بین، لەپاڵ ئەمەشدا قایل نابین کەسیش بەسەرماندا ئاغاو باڵا دەست بێ هەروەها قایل نابین لەخۆمان بەولاوە کەس حوکمڕانیمان بکات) بڕوانە دەقی یاداشتە مێژووییەکەی شێخی نەمر لەگۆڤاری (کورد نامە) زمانحاڵی لیژنەی ئازادی کوردستان (کاك) ژمارە ١٧/ ئۆکتۆبەری ١٩٩٠.

لەم ماوەیەدا لەگۆڤارو رۆژنامەو ئێستگەو کەناڵەکانی تەلەفزیۆن و بگرە لەمیدیاکان برایانی ئیسلامیش دەبینین زۆر

پـیێ لەسـەر زاراوەی (بـاكووری عـێراق) دادەگـیرێ لـەبری نـاوە شەرعیو دروستەكەی كە (باشووری كوردستان)ە، ئێمە زێترمان لـەبرایانی ئیسلامی دەخواست، بـۆ داكۆكـی كـردن لــەرەوایی دۆزی كوردیو پێكەوە كاركردن بۆ روخاندنی دیواری سایكس پیكۆو سان ریمۆی كۆلۆنیالیستی بۆ پتەوكردنی یەكگرتنەوەی بەشەكانی كوردستان و سڕینەوەی سنووری دەستكردو دابەش كردنی نـاڕەوا وەك سـەرەتایەكی یەكگرتنـەوەی خـاك و وڵات و گەلانی موسڵمان. بۆیە دەگەڕێینەوەو دەبێژین ئەوەی (باشووری كوردسـتان) بـە(بـاكووری عـێراق) نـاو دەبـات. ئەوانــە لاگـیری ئیســتعمارو پەیماننامــەو پیــلان و پــرۆژە شــەیتانیەكانی ئیســتیعمار دەكــەن، ئــەو ئیســتیعمارەی كــە وڵات و پەرسـتگاكانیانی لـەت و پـەت كردیـن. بـەڵام گـەلی كـوردی كۆڵنــەدەر، ئــەم نــاتۆرو پاشــگەردانییەی ئیســتیعمار رەت دەكەنـەوە، وەكـی ئـەوەی بـەكردەنی لەمـەیدانی خـەبات و تێكۆشاندا بەخوێن و گیانی خۆیان رەتیان كردۆتـەوە، هـەروەها

لەبەرخودان و کۆڵنەدانیش دژی داگیرکاری نیشتمانی کوردستان بەهەموو ڕێگاو توانایەکەوە بەردەوام دەبێ تا خاکە داگیرکراوەکەی ڕزگار دەکاو مافە بەتاڵان براوەکانیو سەربەخۆیی خۆی وەدەس دەهێنێتەوە.

مرۆڤایەتیو پیاوچاکیو سەربەرزیو کاری ئەخلاقی ئەوەیە، کە داگیرکاران دان بەداگیرکردنی خۆیان بێنن و چەك و سوپاکانی خۆیان لەپارچەکانی کوردستان بکێشنەوە بۆ ئەوەی گەلی کورد خۆی مافی چارەنووسی خۆی دیاری بکات، بۆ ئەوەی تەباییو ئاسایش و سەقامگیری لەنێوان گەلانی ناوچەکەدا بەرقەراربێ.

لەسۆنگەی ئامۆژگاریو برایەتییەوە بانگەشەو ئامۆژگاریەکانمان بۆ داگیرکارانی پارچەکانی کوردستان دووبارە دەکەینەوە، کە ڕوو لەدادپەروەریو حوکمڕانی بەویژدانانە بکەن و دەست لەداگیرکردن و تاڵان و بڕۆی مافەکانی گەلی کورد هەڵگرن، کە حەز لەشەڕو

خوێـن ڕشـتنی هیـچ کـەس ناکـات و زەرەرو زیـانی کەسیشـی ناوێ.

لـەرووی ئامۆژگـاری‌و برایەتییـەوە جـارێکی تـر بانگـەوازی خۆمان بۆ داگیرکارانی کوردستان دووبارە دەکەینەوەو دەڵێین ئـەی داگیرکـاران: بـاوەگۆی ئامۆژگـاران بدەنـەوە، چونکـە بەرپرسایەتی ئـەو هـەموو خوێنـە بەناهـەق ڕژاوانـە لەئەستۆی ئێوە دایە، دەواتر لەسەر تاوان و فاشیەت و سنوور بەزاندنتان لەبەردەم پەروەردگارو مێژوو لـەکاتی سەرکەوتنی چەوساوەو بێ دەستەڵاتەکان لێپرسینەوەتان لەگەڵ دا دەکرێ.

کـاتێکیش گـەلی کـورد هـاوار دەکـاو ئامۆژگاریتـان دەکـات، بەمانای ئەوە نایێ کە خۆی تەسلیمی قەدەری داگیرکاران دەکاو بەرگـەی زوڵـم و داگیرکردنتـان دەگـرێ، بـەڵکو سـوورە لەسـەر ئەوەی خوێن نەرژێ‌و دۆزی کورد بەئاشتیانە چارەسەر بکرێ، بـەڵام دیـارە داگیرکـاران بـەدرێژایی مێـژووی داگیرکردنـە ناڕەواکەیان گوێ دێری ئەم بانگەشە مرۆڤانەی کورد نەبوونە.

بەپێچەوانەوە درێژەیان بەدوژمنایەتیو داگیرکردنی خۆیان داوە. بۆیە مادامەکێ داگیرکاری لەکوردستان ماوە، ئەوە شۆڕشی رزگاریخوازیش هەیەو بەردەوامە، سەرکەوتنیش هەر بۆ چەوساوانە، هەرچەندەکی درێژەش بکێشێ.

بەرهەمە چاپكراوەكانی وەرگێر

- فرمێسكی ئەوین– شیعر– ١٩٨٨.
- گڕی شاعیر– شیعر– ١٩٨٩.
- كۆترەكەم– شیعری منداڵان– ١٩٩٠.
- بەهرەمی پاڵەوان– فۆلكلۆر– ١٩٩٠.
- میربەدرخان– مێژوو– وەرگێران– ١٩٩٩.
- ئەو تابلۆیانەی لەبەرچاوم ون نابن– كورتە چیرۆك– ٢٠٠٠.
- رێگای راستی، بەكۆپی ١٩٩٢.
- كۆمەلگەی ئیسلامی– ئاینی، بەكۆپی ١٩٩٣.
- سیمای نەزانین نویٚ– ئاینی، بەكۆپی ١٩٩٣.

- کەروێشکێکی زیرەك- چیرۆکی منداڵان- بەکۆپی- ١٩٩٣.
- گەڵۆ- شیعر، بەکۆپی ١٩٩٣.
- کامەرانی لەنێوان وەهم و راستیدا ئاینی، بەکۆپی ١٩٩٤.
- ئاڵا- چیرۆك و شیعری منداڵان، ٢٠٠١.
- کێشەی کورد لەسەردەمی ئاشتیدا پاش جەنگی جیهانی یەکەم، کۆپی- ١٩٩٥.

ئەو بەرهەمانەشی ئامادەی چاپن

- حەیرانبێژی شۆرش و مقاوەمات حەسەن حەیران.
- سێ باسی ئافرەت/ ئاینی.
- دەربارەی کورد/ سیاسی.
- فەرهەنگی گوند/ بەرگی یەکەم.
- قەفەسێکی زێرین/ چیرۆکی منداڵان.
- چۆن لەترس خۆ رزگار دەکەین/ دەروونی.

- هەقایەت- بەرگی یەکەم/ فۆلکلۆر.
- سەربردەی کوردەواری- بەرگی یەکەم/ فۆلکلۆر.
- شنە وشە/ وتەو سەربردەی ناوداران.
- رۆژگار / شیعر.
- بۆ نوێژ دەکەین/ ئاینی.
- ئەشکەنجەی دۆزەخ/ ئاینی.
- دەرمانخانەکەی فەقێ حوسێنی مەنتك.
- رەوسەی کوردەواری- بەرگی یەکەم/ فۆلکلۆر.
- چەند باسێکی رۆژنامەگەری.

سوپاس

- بـۆ كـاك غـەفوور مـەخمووری سـكرتێری گشـتی یـەكێتی نەتـەوەیی دیموكراتـی كوردسـتان YNDK ،و مەكتـەبی ناوەندیی راگەیاندن، كە ئەركی چاپكردنی ئەم نامیلكـەیان گرتە ئەستۆ.
- بۆ كاك كەریم دەشتەكی، پێداچوونەوەی ئەم وەرگێڕانەی بـۆ كردم.

Ji weşanên Rojnama MEDYA

Kurdistan - 2002